دێرین ٧

DÊRÎN

خاوەنی ڕۆژنامە : کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

سەرنووسەر : بێستون سابوراوایی

جێگری سەرنووسەر : کاکە عەبە

www.p-deren.com
E-mail: hardianwar@p-deren.com

ژمارە: (6) - دووشەممە 2006/11/20 29ی گەلاوێژانی 2706

ڕۆژنامەیەکی پێشمەرگانەی گشتییە

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دووهەفتە جارێك دەریدەکات

خوێندنەوەی ژیرانەی دوێنێ.. ناسینی ئەمڕۆ.. بەرهەمهێنانی سبەی.

بەرپرسیارێتی سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر ماددەی(١٤٠)

ماددەی (١٤٠) وەك یەکێك لەو کێشە هەرە گرنگ و چارەنووسسازانەیە کەکورد پێویستە حسابی زۆری بۆبکات، چونکە بەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، سەرجەم ئەو ناوچانە دەگێڕێتەوە بۆخاوەنە ئەسڵیەکەی خۆی کە لەدێرزەمانەوە بەچەندین بریاری نابەجێ خاکەکەی زەوتکراوە، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە، هەر بۆیە پێویستە کورد بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەم نەبێ لەبەرامبەریدا، بەتایبەتی بەرپرسانی کورد لەبەغدا، کەخۆی لە سەرۆك کۆمار، ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران (لیستی کوردی)و وەزیرانی کورد لەکابینەی مالیکی دەبینێتەوە، هەروەها لەکوردستانیش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەگشتی کورد ئەو پرسە لەپێشەوەی ئەرکەکانی خۆیان دابنێن و هەرچی پێویست بکات و لەتوانا دابێ بۆجێبەجێکردنی بیگرنە بەر.

ئەوەی تا ئێستا دەبینرێ نەهەوڵەکانی کورد لەئاستێکی پێویست دایە، نەحکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی دوای ڕووخانی سەدام و بەحکومەتەکەی مالکیشەوە گرنگی تایبەتی و هەوڵ بۆ بەرەو پێشبردن و جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی داوەو دەدات، کەلێرەدا پێویستە پەنجە لەسەر ئەو هۆکارانە دابنێین کەکورد خۆی لێی بەرپرسیارەو پێویستە لەسەری جێبەجێی بکات.

کوردو بەرپرسانی کورد لەبەغدا تا ئێستەشی لەگەڵدابێ خۆیان بەخاوەنی حکومەتی عیراق نازانن و وەکو پێویست هەڵس و کەوت لەگەڵ ماددەی(١٤٠)دا ناکەن، بەڵکو مالیکی بەتەنها بڕیار دەدات. دواتر بەدرەنگەوە کورد لێرەو لەوێ هاواری لێ هەڵدەستێ و دەنگی ناڕەزایی و یاداشت بەرز دەکاتەوە، لەکاتێکدا کورد هاوبەشێکی گرنگی ئەو حکومەتەیەو کەحکومەتەکەش لەسەر بنەمای (توافق) دامەزراوە، وەك چۆن لەسەرۆکایەتیی کۆمار تائێستا بریارێکمان نەبینی لەلایەن بەڕێز سەرۆك کۆمار کە کوردەو سوننەو شیعە دژی بوەستنەوە دەربچێت، هەروەها لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقەوە هیچ لیستێك توانای ئەوەی نییە بەتەنها بڕیار بدات، پێویستە بڕیارەکانی حکومەتی عیراقیش کە خۆی بە حکومەتی نیشتمانی دەناسێ و بەهەمانشێوە پێویستە هەموو لایەك لێی رازی بێت، بەتایبەتیش لەمەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەك ماددەی (١٤٠)، کەکورد چ بەشداری لەحکومەت یا لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتی عیراقیدا تاکە لایەن و هاوپەیمانە لەگەڵ شیعە کەیەکێتی خاکی عیراقی پاراستووەو تەنیا کوردیشە ئەو خەمە گەورەیەی لەکۆڵ ناوە، بۆیە لەسەر کورد پێویستە هەموو کارتەکانی خۆی بۆ یەکلایی و جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) بەکار بهێنێت، ئەگەر نا ئەوەی تاکە زەرەرمەندە لەوناوە کورد دەبێ.

ئەو (٣)سێ نوێنەری کورد کە لەلیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)دان، پێویستە ئەو (٣) کەسە بەیەکەوەو بەبەرنامە کار بکەن، نەك هەر یەکەیان بۆ حزبەکەی خۆیان بگەڕێنەوە، چۆن لیستی ئیئتلافی شیعەو سوننەکان لەپەرلەمان پێش هەر بریارێك دەگەڕێنەوە بۆ ئەو مەرجەعە بالایەی بۆیان داندراوە، پێویستە ئەو سێ نوێنەرەو لیژنەکانی کە کوردی تێدایە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە یان پەرلەمانی کوردستان یان ئەو مەرجەعە بالایە بگەڕێنەوە، تا لەدوا ڕۆژدا ئەوبەرپرسیارێتیە گەورەیەیان نەکەوێتە ئەستۆ.

لەکوردستانیشدا پێویستە میکانیزمێکی یەکگرتوو بۆ بەدواداچوونی پرۆسەکە هەبێو هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار بەوپرۆسەیە لەخۆیەوەو بەبێ بەرنامەو هەماهەنگی یەکتری کارنەکات، چونکە کورد دەتوانێت بەشداریەکی کاریگەر لەجێبەجێکردنی پرۆسەکەدا بکات، راستە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) بەفەرمی بەولیژنەیەی بەغدا سپێردراوە، بەڵام کورد دەتوانێت جگە لەبەدواداچوون و ئاسانکاری بۆکاری ئەو لیژنەیە بەشداریەکی کاریگەر لەجێبەجێکردنی پرۆسەکەدا بکات، بۆ نموونە دەتوانێت هاوکاری ئەو ئاوارانەی کەرکوك کەماون و هێشتا نەگەڕاونەتەوە بکرێت بۆ گەرانەوەیان.

بەشێکی زۆر لەغارەبی هاوردە کەئێستە ئامادەی گەرانەوەن لەسەر قەرەبووکردنەوە وەستاون، دەتواندرێ بۆ ئەم مەسەلەیەش چاوەڕێی بەغدا نەکرێت، کورد هیچ نەبێت دەتوانێ ژمارەیەکیان لێ ڕەوانە بکاتەوە کە ئەوکاتە لیژنەکەی بەغداش ناچار دەبێ کەئەوانی تر بگەڕێنێتەوە، هەروەها دەتواندرێ لەماوەی ئەوساڵەی کەلەبەردەماندا ماوە کۆمەڵێك پرۆژەی خزمەتگوزاریی بەبێ جیاوازی ناوچەو گەرەکەکان لەشاری کەرکوکدا ئەنجام بدرێن و بیروڕای زۆر لەدانیشتوان و پێکهاتەکانی شاری کەرکوك بۆ بەیەکەوە ژیانی برایانە لەگەڵ کورددا بەلای خۆیدا ڕابکێشت.

مەریوان سابیر

وەفدێکی ئەنجومەنی باڵا بەشداری کۆبونەوەی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسیی (ی. ن. ك) ی کرد

ڕۆژی ١١/١٠ ولە هۆڵی شەهید ئازاد سائب، بەڕێز مام جەلال بە ئامادەبوونی بەڕێزان عومەر فەتاح و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و دکتۆر ئەرسەلان بایز و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لەگەڵ لێپرسراوانی هەڵبژێردراوی مەڵبەندەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەوە .

لە کۆبوونەوەکەدا وێڕای پیرۆزبایی ڕێنمایی بەڕێز سکرتێری گشتی بۆ لێپرسراوی مەڵبەندەکان، داواشی لێکردن بەگیانی برایانەو بەبێ جیاوازی کاربکەن. وتیشی : کە پرۆسەی هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. شایەنی باسە بەر لە دەست پێکردنی ئەو کۆبوونەوەیە، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان نیوەڕۆ خوانێکی بۆ بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوانی نوێی مەڵبەندەکان لە مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك.) سازکرد، دوای بە دوای ئەوەش وەفدی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵە بەشداری کۆبوونەوەکەی بەڕێز مام جەلال و لێپرسراوی مەڵبەندەکانی کرد .

ئاوات کۆکەیی

ڕۆمیۆ هەکاری: داواکارین دەشتی نەینەوا بخرێتە سەر کوردستان

نوێنەری (٥) حزبی کلدان و ئاشوری و سریانی لەڕێی (ڕۆمیۆ هەکاری) نوێنەریان. پرۆژەکەیان ئامادەکراوە. داوادەکەن ناوچەکانی دەشتی نەینەوا. بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و داوای ئەوەدەکەن ئەم ناوچەیە حکومی زاتی خۆیان وەربگرن. ئەو ناوچەیەش کە بریتییە لەتلکێف، بەرتەلە، قەرەقوش و شوێنەکانی تر کە ٢٠٠-٣٠٠ هەزار کەس دەبن. لایەنەکانی ئەم داواکارییە بریتین (حزبی نیشتمانی ئاشوری، ڕێکخراوی کلدۆ ئاشوری، حزبی شیوعی کوردستان، سەکۆی دیموکراتی، حزبی بێث نەهرینی دیموکراتی ئاشوری، کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کلدان).

نەمسا داواکەکات تورکیا...

وەزیری دەرەوەی نەمسا خاتوو (ئەرسۆلا بلاسنیك) هانی ولاتانی ناو ئەورووپای یەکگرتوو دەدات سەبارەت بە پەلەنەکردن لەدانوستاندن لەگەڵ حکومەتی تورکیا، ئەوەش لەژێر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە هاتبوو کەوا تێیدا هاتووە حکومەتی تورکیا بەهیچ شێوەیەك ڕێز لەمافی مرۆڤ ناگرێت و هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە حکومەتەکانی ئەورووپا پێیگەیشتوون، هەروەها لەبواری ڕیفۆرمی ئابووریشدا ڕێچکەیەکی خاوو خلیچکی گرتۆتەبەر.

نەمسا یەکێکە لەناو ئەورووپای یەکگرتووداو لەپێشەنگی ئەو دەوڵەتانەدایە کە بەڕەی ناڕەزایی هەڵبژاردووە سەبارەت بەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی ئەورووپای یەکگرتوو، مادام مەرجەکانی بوون بەئەندامێتی لەخۆدا ناگرێت، کار گەیشتۆتە ئەوەی (سوشێل) کە سەرۆکی پارتی گەلی پاڕێزگارە مافی (ڤیتۆ) بەکار بهێنێت، لەڕاپرسییەکدا دەرکەوتووە ٩٠٪ی گەلی نەمسایی لەگەڵ ئەوەدانین تورکیا بەئەندام وەربگیرێت لەیەکێتی ئەورووپادا.

دامەزراندنی حزبێکی تازە لەباکوری کوردستان

ڕۆژی سێشەممە 2006/11/16 عوسمان ئۆچالانی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بەناوی (یەکێتی دیموکراسی کوردستان ڕاگەیاند.

(زران ماد) کە یەکێکە لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم حیزبە وتی: ئامانج لە دامەزراندنی ئەم حیزبە. پێناسانەوەی یەکێتی ناسیولستی کوردیە.

وتەبێژێك بەناوی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆیەو لێدوانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە خزمەتی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولادانییە.

دوای بلاوبونەوەی لێدوانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردوگان دەربارەی کەرکوك، وتەبێژێك بەناوی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند:

ئێمە پشتگیری خۆمان بۆ پرۆسەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەولەتی عێراق و تورکیا دەردەبڕین.

بەڵام لەهەمان کاتدا وەکو هەرێمی کوردستان بڕوامان وایە کە پێویستە ئەم پرۆسەیە بەڕەو پێشەوە بچێ و لەخزمەتی بەرژەوەندی هەردوو وڵاتدا بێ و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەسەروەری هەردوولا.

ئەو قسانەی کەسەرۆك وەزیرانی تورکیا دەربارەی کەرکوك کردوویەتی لەخزمەتی ئەم پرۆسەیەدا نییە، چونکە کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆییەو چارەسەرکردنیشی لەسەر بنچینەی ماددەیەکی دەستووری دەبێت کە ماددەی ١٤٠ی. ئەم دەستوورەش زۆربەی خەڵکی عێراق بەهەموو پێکهاتەکانیەوە دەنگیان داوەتێ.

ئێمەی خەڵکی کوردستانیش پابەندی دەستووری عێراقین بەهەموو ماددەکانیەوە.

نوێنەری هەرێمی کوردستان و مالیکی و ماددەی ١٤٠

د.محەمەد ئیحسان وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمو نوێنەری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ خاتوو نەرمین عوسمان وەزیری ژینگە لەحکومەتی عێراقی فیدراڵ لەبەغدا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ د. نوری ئەلمالیکی کۆبوونەوە پێیان ڕاگەیاند کە گەلی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ وشیارو بەئاگان لەو ئەستەنگانەیی کەهەنو بوونەتە ڕێگر لەجێبەجێکردنی ئەم ماددەیە هەروەها گەلی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان نارازین لەهەر دەستێوەردانێك کە لەو لیژنەیەدا بکرێت کە ئەوەش دەبێتە مایەی دروستبوونی گرفتو کێشەی گەورە جەختیان لەسەرئەوە کردەوە کە دەبێت لەکات و ساتی دیاریکراوی خۆیدا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت مالیکیش دووپاتی کردەوە کەوا هاوکاری تەواوی خۆی بۆ لیژنەکەو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکات.

لە دژایەتی کۆمۆنیزمەوە بۆ دژایەتیکردنی ئیسلامی ئوسوڵی

لێکۆڵینەوەیەکی ئەمەریکایی داوا دەکات لەحکومەتی ئەمەریکا لەئەنجامی ئەو ئەزموونە دوورو درێژەی کە لەدژایەتیکردنی کۆمۆنیزم پەیدای کردبوو، ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی لێکەوتەوە پەندو سوود وەربگرێت بۆ دژایەتیکردنی ئیسلامی ئوسوڵی. پەیمانگای (ڕاند)ی ئەمەریکیا بۆ لێکۆڵینەوە، لەو ڕۆژانەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەمەریکا دەبێت لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا بەشێوەیەك کاربکات لەدژی تیرۆریزمی جیهانی کە جیابێت لەو شێوە تەقلیدیەی جاران گرتبوویە بەر، تاکو بتوانێت ڕێگری بکات لەو هەموو کۆمەکەی کە بۆ ئیسلامی ئوسوڵی لەلایەن وڵاتانی جیهانی ئیسلامییەوە دەکرێت.

مژدە بۆ کەسو کاری شەهیدان

نوسینگەی باقیا بۆ فێربوونی شوفێری و دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری (تایبەت و گشتی) کە مۆڵەتی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە و خاوەنی ناوبانگێکی زۆرە لە فێرکردنی فێر خوازان و مسۆگەرکردنی مۆڵەت بۆ هاوولاتیان .

لەڕێگای ڕۆژنامەی(دێرین)ەوە مژدە بە وارسی پلەیەکی شەهیدان دەدات کە لە بەرواری ٢٠٠٦/١١/١ تا ماوەیەکی دیارینەکراو بە خۆڕایی و بێبەرامبەڕ مۆڵەتی شۆفێرییان بۆ مسۆگەر دەکات .

ناونیشان: سلێمانی گەرەکی ڕزگاری تەنیشت سانەوی ڕزگاری.

مۆبایل ٠٧٧٠٢١٤٤٨١٧ ٠٧٧٠١٣٩٠٤١٧ ٠٧٧٠١٩٩٨٨٤٧